# مۆزیکژەنەکانی شارۆچکەی برێمەن



# مۆزیکژەنەکانی شارۆچکەی برێمەن


بڵاوکردنەوە: دامەزراوەی پێگاسۆس

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: نەرمین عوسمان

دیزاین: ئایدیا هێرش

هەڵەچن: هێرش حەمەسەلیم

نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم ٢٠٢٤

تیراژ : ٥٠٠ دانە

نرخ : ٣٠٠٠ دینار

چاپ: سلێمانی - چاپخانەی کارۆ

NARIN INSTATUTE
for reaserch and publishing

**بڵاوکراوەکانی ئینستتیوتی نارین**
**بۆ توێژینەوە و بڵاوکردنەوە**
**ژمارە (٥٤)**

دامەزراوەی پێگاسۆس

# موزیکژەنەکانی شارۆچکەی برێمەن

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: نەرمین عوسمان

2024

**NARIN INSTATUTE**
for reasearch and publishing

# ئینستتیوتی نارین

ئینستتیوتێکی کوردستانی، توێژینەوەیی قازانجنەویستە. کاری سەرەکی ئەنجامدانی توێژینەوە و بەدواداچوونی پرسە هەنووکەیی و نیشتیمانییە گرنگەکانە. هەروەها چاپ و بڵاوکردنەوەی توێژینەوەکان و سازکردنی کۆڕ و سیمینار و کردنەوەی خولی زانستی لەو بوارانەی کۆمەڵگەی کوردستانی پێویستی پێیەتی.

ئینستتیوتی نارین ساڵی ٢٠١٣ لە شاری سلێمانی دامەزرێنراوە.

هەبوو نەبوو کەرێک هەبوو، تەمەنی گەورە بووبوو، چیتر نەیدەتوانی کار بکات.
کەرەکە لەترسی ئەوەی نەوەکا خاوەنەکەی ئازاری بدات،
بڕیاری دا بڕوات بەرەو برێمەن بۆ ئەوەی ببێتە موزیکژەنی ئەو شارۆچکەیە.





له ڕێگە، سەگێکی ڕاوی بینی، هەناسەبڕکێکی پێ کەوتبوو.
لێی پرسی:
- هاوڕێ بۆچی هەناسەبڕکێتە؟
وەڵامی دایەوە:
- له خاوەنەکەم ڕامکردووە، بەڵام ئێستا نازانم چۆن خواردنی خۆم پەیدا بکەم.



کەرەکە وتی:
- من دەچم بۆ برێمەن بۆ ئەوەی لەوێ ببمە موزیکژەنی شارۆچکەکە.
لەگەڵ من وەرە، تۆش دەتوانیت ببیتە موزیکژەن. سەگەکە رازی بوو.

دوای ماوەیەک پشیلەیەک و کەڵەشێرێکیان بینی، ئەوانیش کێشەیان هەبوو.
کەرەکە داوای لێ کردن بێن و ببنە موزیکژەنی شارۆچکەی برێمەن.
پشیلە و کەڵەشێرەکەش رازی بوون و بەیەکەوە رۆیشتن.





چوار هاوڕێکە لە کاتی ئێوارەدا بەناو دارستانێکدا تێپەڕین.
بڕیاریان دا شەوەکە لەوێ بەسەرببەن.
کاتێک کەڵەشێرەکە چووە سەر لقی درەختێک بۆ ئەوەی بخەوێت،
لە دوورەوە رووناکییەکی بینی.

چوار هاوڕێکە بڕیاریان دا بەدوای رووناکییەکەدا بچن،
چونکە برسییان بوو و هیچیشیان رانەهاتبوون لەناو دارستاندا بخەون.



زۆری نەخایاند گەیشتنە کوخێکی کۆن. کەرەکە بەدزییەوە لە پەنجەرەکەوە سەیری ژوورەوەی کرد، چوار چەتەی بینی چێژیان لەو خواردنە بەتامە وەردەگرت کە لەسەر مێزەکەیان دانرابوو.



چوار هاوڕێکە بەیەکەوە پلانێکیان دانا بۆ ئەوەی چەتەکان دوور بخەنەوە و چێژ لە ژەمێکی خۆش وەربگرن.





کەرەکە لە دەرەوەی پەنجەرەکە وەستا، سەگەکە بازی دا بۆ سەر پشتی کەرەکە، پشیلەکەش سەر کەوتە سەر سەگەکە و لە کۆتاییشدا کەڵەشێرەکە لەسەر پشتی پشیلەکە وەستا.

دوای ئەوەی چوونە سەر پشتی یەکتری، پێکەوە بە دەنگی بەرز و ترسناک هاواریان کرد. چەتەکان ترسان و هەڵهاتن بۆ ناو دارستانەکە.



چوار هاوڕێکە بەخۆشییەوە نانەکەیان خوارد و خەوتن.



شەو درەنگانێک، چەتەکان بینییان کوخەکە تاریک و خامۆش بووە، 
یەکێک لە چەتەکانیان ناردەوە بۆ کوخەکە.



پشیلەکە چڕنووکێکی خراپی لە چەتەکە دا، سەگەکە قەپێکی لێ گرت،
کەرەکە جووتەیەکی لێ دا و کەڵەشێرەکەش بە دەنگی بەرز
قوقاندی: قو، قوقو، قو...





چەتەکە بەپەلە گەڕایەوە ناو دارستانەکە و بەوانی

تری وت لەناو کوخەکە جادووگەرێکی تێدایە!

چەتەکان هەرگیز نەگەڕانەوە ناو کوخەکە و چوار هاوڕێکەش بەخۆشی پێکەوە ژیان.

# چەند وشەیەکی نوێ بۆ فێربوون

| | |
|---|---|
| شارۆچکە | دارستان |
| موزیکژەن | کوخ |
| ترسناک | هاوڕێ |
| قەپ | جادووگەر |
| هەناسەبڕکێ | چێژ |

